خاوەنی ئیمتیاز
جەمیل سنجاوی
سەرنووسەر
بەختیار محەمەد
makhmur@yahoo.com

# دەنگی مەخموور

www.mexmurpress.com

ژمارە (٢٨) رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت نرخ (٥٠٠) دینار سێ شەممە ٢٠١١/٢/١ ١٢ی رێبەندانی ٢٧١٠


(دەنگی مەخموور) نووسەرو رۆژنامەنووس (عەلی کەندی) بەسەردەکاتەوە



## ئینسکلۆپیدیای هەولێر مەسەلەیەکی سیاسییە

لەو چاوپێکەوتنەیدا نووسەرو رۆژنامەنووس (عەلی کەندی) باس لەوە دەکات کە "ئینسکلۆپیدیای هەولێر مەسەلەیەکی سیاسییە، نەوەك مەسەلەیەکی نەتەوەیی‌و نیشتمانی، هەروەها دەڵێت "نووسەری حیزبی بەنووسەر دانانێم، ئەگەر کتێبیشی هەبێت، چونکە مەدحی حیزبەکەی دەکات‌و هەمووشتێك لەپێناو حیزبەکەی دەخوازێت".

٥ ⬅



فاروق ساڵح رەسول:

### هەرگیز برایەتی نێوان کوردو عەرەب دروست نابێت

٤ ⬅



شێروان شەیدا:

### حەیران لەکەندێناوە سەری هەڵداوەو تەمەنیشی هەزار ساڵە

٥ ⬅



### رۆنالدۆو رۆنی‌و میسی بەرزترین مووچە وەردەگرن

٧ ⬅

نەرمین عوسمان:

# ئەمساڵ نزیکەی ١٧ هەزار چەکی قەرەبوو دابەشدەکرێت

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

جێگری سەرۆکی لیژنەی ماددەی ١٤٠ رایدەگەیەنێت کە بۆ ئەمساڵ نزیکەی ١٧ هەزار چەکی قەرەبوو بەسەر هاوڵاتییانی سنووری کەرکوك‌و خانەقین‌و شنگاڵ‌و مەخموور دابەشدەکرێت‌و راشیگەیاند کە ٦٠ هەزار هاوڵاتی ماون بۆ ئەوەی چەکی قەرەبوویان پێبدرێت.

لەلێدوانێکیدا نەرمین عوسمان جێگری لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ رۆژنامەی (دەنگی مەخموور)، رایگەیاند "بۆ ساڵی ٢٠١١ هەمان بوودجەی ساڵی ٢٠١٠ تەرخانکراوە کە بڕەکەی (١٧٢) ملیار دینارە، ئەم بڕە پارەیەش کە دەکاتە ١٦ هەزار ٥٠٠ چەك بەگوێرەی قۆناغەکان دابەش دەکرێت"، گوتیشی "داوامان کردووە ئەو بڕە پارەیەی تەرخانکراوە بۆ قەرەبووی ماددەی (١٤٠) بۆ (٤٠٠) ملیار دینار زیاد بکرێت". سەبارەت بەگەڕانەوەی چەکی قەرەبووی تازە، روونیشیکردەوە کە بەهۆی دواکەوتنی چەکەکانی مانگی رابردوو و سەرف نەکردنیان لەلایەن بانکەکانەوە بۆ ماوەی ١٠ رۆژ دابەشکردنی چەکی قەرەبوو دوادەکەوێت.

هەر سەبارەت بەدابەشکردنی چەکی قەرەبووی ماددەی ١٤٠، خاتوو نەرمین عوسمان، راشیگەیاند "بۆ ئەمساڵ تا بوودجە پەسەند نەکرێت، ناتوانین چەکی قەرەبوو دابەشبکەین، بەڵام ئێستا بڕێك پارەمان لەبەردەستدایەو دابەشی سەر ناوچەکانی دەکەین".

گوتیشی "ئەمساڵ بەگوێرەی رێژەی ناوچەکان چەك دابەشدەکرێت، کە ئێستاکە زیاتر لە ٦٠ هەزار ناو ماون بۆ ئەوەی چەکی قەرەبوویان پێبدرێت".

شایەنی باسە ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، تایبەتە بەناوچە جێناکۆکەکان، بەگوێرەی مادەکە، پێویستە سەرجەم ئەو ناوچانە دوای قەرەبووکردنەوەی ماددی بۆ ئاوارەو هاوردەکان، سەرژمێری‌و ریفراندۆم لەو پارێزگایانەدا ئەنجامبدرێ

٢ ⬅



قایمقامی قەزای مەخموور:

# لیستی حەدبا لەرێگەی دەستەی نەزاهەوە دەیەوێت ئێمە تاوانبار بکات

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

**بۆ ئاسانکاری هاوڵاتییانی سنووری مەخموور نووسینگەی تایبەت بۆ دروستکردنی کارتی زانیاری دەکرێتەوە، لەبارەی تۆمەتبارکردنی ئیدارەی مەخموور لەلایەن دەستەی نەزاهەوە قایمقامی مەخموور پابەندی خۆیان بەبایکۆتکردنی موسڵ دەردەبڕن‌و پێشیوایە لیستی حەدبا لەدواوەی ئەو کارانەوەیە.**

سەبارەت بەدەرکردنی کارتی زانیاری بۆ هاوڵاتیانی سنووری مەخموور، بارزان سەید کاکە قایمقامی قەزای مەخموور، رایگەیاند "بۆ ئاسانکاری هاوڵاتییانی مەخموور ئەو نووسینگەیەی لە ناحیەی گەیارە هەبوو، بەمزووانە دێتە مەخموور، بۆ ئەوانەشی دەیانەوێ کارتی زانیاری لەسەر هەولێر دەربهێنن ئەوا ماوەیەکی دیکە نووسینگەیەکیان بۆ دەکرێتەوە".

لەبارەی ئەو تۆمەتانەی لەرێگەی دەستەی نەزاهەوە ئاڕاستەی ئیدارەی مەخموور کراوە، بارزان سەید کاکە، ئاشکرای کرد "ئەوان لەسەر دوو شت ئێمەیان تاوانبار کردووە، یەکەمیان مەسەلەی بایکۆتکردنی ئیدارییە، کە ئێمە هەوڵمانداوە مەخموور لەسەر موسڵ دابڕێنین، داوای دووەمیشیان لەسەر داواکاری ئێمەبووە کە داوامان کردبوو پرۆسەی سەرژمێری مەخموور لەسەر هەولێر ئەنجام بدرێت".

گوتیشی "ئێمە بۆ بەرژەوەندی کورد ئەو کارەمان کردووەو هەر ١٦ یەکەی ئیداریش پابەندین بەو هەڵوێستەمان چونکە ئەمە داخوازی هەموو کوردە کە ئەو ناوچانە بگەڕێنینەوە سەر کوردستان، ئەو تۆمەتانەی دەخرێنە پاڵ ئێمەش لەلایەن سەرانی لیستی حەدباوە دەکرێت‌و دەیانەوێ لەرێگەی دەستەی نەزاهەوە ئێمە تاوانبار بکەن، هەربۆیە ئێستا نووسراویان رەوانەی دادگای مەخموور کردووە، چونکە دەزانن ئێمە سوورین لەسەر هەڵوێستەکانمان‌و ناچینە ژێر رکێفی لیستی حەدباوە".

٢ ⬅

لەساڵی ٢٠٠٧ەوە کراوەتە بارەگایەکی حیزبی

# وەرزشوانانی مەخموور داوای (مرکزشباب)ی مەخموور دەکەنەوە

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

**ناوەندی وەرزش‌و لاوانی مەخموور (مرکز شباب)، لەساڵی ٢٠٠٧ەوە کراوەتە بارەگایەکی حیزبی، لەلایەن خۆیانەوە وەرزشوانانی مەخموور داوای گەڕانەوەی ئەو ناوەندە دەکەن.**

ئەمیر عەبدوڵڵا وەرزشوانێکی شاری مەخموورە داواکارە ئەو ناوەندە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، لەبەرئەوەی مەخموور پێویستی بەو ناوەندە هەیە، ئەو پێی وایە ئەو ناوەندە بۆ وەرزش‌و لاوان دروستکراوە نەوەك بۆ بارەگای حیزبی، هەروەك گوتیشی "بەداخەوە وەرزشوانانی مەخموور بێدەنگی دەنوێنن لەبەرامبەر دەستبەسەرکردنی ئەو ناوەندە".

سەبارەت بە داوای وەرزشووانانی مەخموور بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوەندە، بەرپرسی راگەیاندنی لقی٢٣ی پارتی لەمەخموور، ئاماژەی بەوەداو گوتی "وەرزشوانانی مەخموور دەتوانن یاداشتێك پێشکەشی ئیدارەی ناوچەکە بکەن بۆ سەلماندنی داواکەیان". کوردۆ ئەحمەد بەرپرسی راگەیاندنی لقی٢٣، گوتیشی "ئێمە کاتێك هاتینە ئەو ناوەندە چۆڵ بوو، ئەگەر شوێنێکی گونجاو هەبێت ئەوا ئێمەش بارەگاکەمان دەگوازینەوە".

٧ ⬅

غەفوور مەخمووری لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ مەخمووریيەکانی لەندەن:

# رەوەندی کورد پێویستە رۆڵی کارای هەبێت لەبەرەو پێشبردنی پرسی رەوای گەلەکەمان

**دەنگی مەخموور- لەندەن**

رۆژی ٢٠١١/١/١٨ غەفوور مەخمووری ئامادەی کۆبوونەوەی تایبەت بەجینۆسایدی کوردو ئەرمەن بوو لەپەرلەمانی بەریتانیاو، ئێوارەی هەمان رۆژیش لەگەڵ مەخمووریيەکانی لەندەن کۆبۆوەو جەختی لەسەر پاراستنی یەکدەنگی‌و یەکڕیزی رەوەندی کورد لەدەرەوەی وڵات کردەوە.

غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK رۆژی ٢٠١١/١/١٨ ئامادەی کۆبوونەوەی تایبەت بە کوردو ئەرمەن بوو کە لەپەرلەمانی بەریتانیا بەڕێوەچوو تیایدا باس لەرەوشی هەردوو نەتەوەو کارەساتەکانی کە بەسەر هەردوو نەتەوە داهاتوون کراو، تاوانەکانی کە دژی ئەو دوو نەتەوەیە



ئەنجامدراون وەك جینۆساید باسیان لێوەکرا. ئێوارەی هەمان رۆژ غەفوور مەخمووری لە رێستۆرانتی تارا لە لەندەن ئێوارە خوانێکی بۆ ئەو خێزانە مەخمووریيانە رێکخست کە لە لەندەن دەژین، سەرەتا سەید رەفیق بەرزنجی بەناوی ئامادەبووانەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی سکرتێری گشتیی YNDKی کردوو گوتی "ئەمڕۆ زۆر خۆشحاڵین کەوا برایەکی ئازیزی وەك کاك غەفوور مەخمووری لەناوماندایەو بەسەرمان دەکاتەوە، من لێرەوە بە ناوی هەر هەموومان بەخێرهاتنێکی گەرمی دەکەین‌و داوای لێدەکەین وتارێکمان لەم بۆنەیەدا پێشکەش بکات"، ئنجا غەفوور مەخمووری سوپاسی ئامادەبووانی کردو خۆشحاڵی خۆی بەو ئامادەبوونەیان دەربڕی‌و گوتی "ئەمڕۆ زۆر ئاسوودەم کەوا خۆم لەنێوان کۆمەڵێ دۆست‌و خوشك‌و برای ئازیزدا دەبینمەوە". هەروەها لەوتارەکەیدا باسی لەرۆڵی رەوەندی کورد لەدەرەوەی وڵات کردو داوای لێکردن کە یەکڕیزی‌و یەکدەنگی خۆیان بپارێزن‌و گوتی "لەسەر ئێوەی ئازیزو رەوەندی کوردە لەدەرەوی وڵات پارێزگاری لەیەکڕیزی‌و یەکدەنگی خۆتان بکەن وەك کورد هەڵسوکەوت بکەن‌و رۆڵی کارای خۆتان بگێڕن لەناساندنی زیاترو بەرەوپێشبردنی پرسی رەوای گەلەکەمان". هەروەها لەدرێژەی وتارەکەیدا داوای لە ئامادەبووان کرد تایبەتمەنی نەتەوەیی کورد بپارێزن‌و گوتی "داب‌ونەریت‌و کلتور یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هەر نەتەوەیەك‌و بگرە ناسنامەی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەکیشە، بۆیە پێویستە رەوەندی کورد بە هەموو شێوەیەك هەوڵی پاراستنی داب‌ونەریت‌و کلتوری نەتەوەیی کورد بدات‌و بە نەتەوەکانی دیکەی بناسێنێت". هەر لەوتارەکەیدا داوایکرد کە هانی منداڵەکانیان بدەن بۆ خوێندن‌و فێربوونی زانست‌و تایبەتمەندی جیا جیاو گوتی "داواتان لێدەکەم کە هانی منداڵەکانتان بدەن بۆ خوێندن بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا لەبوارە جیاجیاکانی زانست‌و بەڕێوەبردنی وڵات، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا کە دەگەڕێنەوەبتوانن خزمەتی وڵاتەکەمان بکەن‌و ببنە جێی شانازی هەموو لایەکمان".

ئەمەو دانیشتنەکە نزیکەی چوار کاتژمێری خایاندو کۆمەڵێ بیرو را گۆڕایەوە سەبارەت بەرەوشی سیاسی کوردستان‌و رۆڵی رەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات.

شایانی باسە سکرتێری گشتیی YNDK ئێوارەی رۆژی ٢٠١١/١/١٥ بەسەردانێك گەیشتە لەندەن‌و لەوێ لە فرۆکەخانەی هیترۆ لەلایەن بەڕێزان د. جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان KNC‌و ژمارەیەك کەسایەتی ناسراوی شاری مەخمووری نیشتەجێی لەندەن‌و دۆستان بە گەرمی پێشوازی لێکرا.